# کوردێک چووە بۆندیسلیگا...

# ژیلوان بە ئاڵای کوردستان



لە ماوەی رابردوودا بەهۆی ئاست بەرزی لە خولی سوید، کوڕە یاریزانی کوردستان ژیلوان حەمەد بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی هۆفنهایم-ی ئەڵمانی مۆرکرد بۆ ئەوەی لە ریزی ئەم یانەیە یاری بکات.

ئا: زێبین رەمزی

**ژیلوان حەمەد کێیە؟**

ژیلوان حەمەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ ی شاری باکۆ ی وڵاتی ئازەربایجانە، دایك و باوکی خەڵکی شاری رانیە-ن، بەهۆی چوونیان لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ دەرەوەی وڵات لە وڵاتی ئازەربایجان لە چاوەڕوانی رۆیشتنیان بۆ سوید، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەم وڵاتە ژیلوان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە دواتر چووەتە سوید و رەگەزنامەی ئەم وڵاتەی وەرگرتووە.

لە شاری ئۆربێرۆ، لە تیپی تازەپێگەیشتووان و لاوان و تیپی یەکەمی یانەی هاوریبێر یاری کرد، بەهۆی ئاست بەرزیی چووە ریزی یانەی مالمۆ بەناوبانگترین یانە لە سوید و توانی شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکە بکاتەوە دواتر بووە کاپتنی ئەم یانەیە.

ژیلوان بانگهێشتی هەڵبژاردەی سوید بۆ تازەپێگەیشتووان و لاوان کراوە و کاپتنی هەڵبژاردەی لاوانی سوید بووە، پاشان بانگهێشتی هەڵبژاردەی یەکەمی ئەم وڵاتە کراوە و یاریکردووە.

ژیلە زۆر شانازی بە کوردایەتیی خۆی دەکات و سێ جار سەردانی کوردستان-ی کردووە، کە جاری سێیەم لەگەڵ گەیشتنی بۆ هەولێری پایتەخت



# ـان ماڵئاوایی لە خولی سوید و یانەی مالمۆ کرد

پێشوازییەکی گەرمی لێکراو و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەنجامدرا، هەروەها سەردانی یانەی هەولێر و لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان-ی کرد دواتر لە شاری رانیە یارییەکی ڕێزلێنانیانی بۆ ئەنجامدرا ئەمەش بووە جێگەی دڵخۆشی ئەم یاریزانە لەم سەردانەیدا بۆ کوردستان ڕۆژنامەکانی سوید بەگرنگییەوە رووماڵی سەردانەکەی ژیلوانیان بۆ کوردستان کرد.

**ماڵئاوایی کردن لە مالمۆ**

چەند رۆژێك پێش ئێستا کاپتنی یانەی مالمۆ ژیلوان بە ئاڵای کوردستان ماڵئاوایی لە یانەکەی کرد، کاتێك لە نێو یاریگەی خۆیان توانیان نازناوی خولی سوید بە دەستبهێنن، هەروەها ئاهەنگی ماڵئاواییکردن بۆ ئەم یاریزانە رێکخرا، کە ژیلوان لە کاتی بەرزکردنەوەی نازناوی خولەکە بەئاڵای پیرۆزی کوردستان خولی جامی پاڵەوانێتییەکەی بەرزکردەوە، کە لە وەرزی ئەمساڵدا ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەکە پێشکەش کرد لە هێڵی ناوەڕاست، ژیلوان لە ساڵی ٢٠٠٩ ـوە لە ریزی ئەم یانەیە یاری دەکات و ١٢٥ یاری بۆ ئەنجام داون و ٢٢ گۆڵی تۆمارکردووە و لە وەرزی ئەمساڵدا ٨ گۆڵی تۆمارکردووە و بە باشترین یاریزانی خولی سوید دەستنیشانکرا.

**ژیلە گرێبەستی لە گەورە یانەکانی ئەورووپا بۆ هات**

لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵی خولەکانی ئەورووپا گەورە یانەکانی ئەم کێشوەرە رکابەرییان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی واژووی ژیلوان، تاکو سوود لە ئاست بەرزی ئەم یاریزانە وەربگرن، هەریەکە لە یانەکانی (نۆریج سیتی، فۆلهام، وێستهام یۆنایتد،وێست برۆمیج ئەلبیۆن(ئینگلیزی)، لیل، سۆشۆ (فەرەنسی)، ئۆتریخت (هۆڵەندا)،نۆرشیلاند، برۆندبی (دانیمارك)، جەنەوا، کێیڤۆ ڤیرۆنا(ئیتاڵیا)، ئەنتاڵیا سپۆرت(تورکیا)، یانەیەکی رووسی، رۆزنبێرگ(نەوریج)، هۆفنهایم، هانۆڤەر، بروسیا مونشنگلادباغ، فرایبۆرگ(ئەڵمانیا) بەفەرمی گرێبەستیان پێشکەش بەم یاریزانە کردبوو، بەڵام دواجار ژیلوان یانەی هۆڤنهایم-ی هەڵبژارد لە خولی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکات و بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو گرێبەستی لەگەڵ ئەم یانەیە مۆرکرد و درێسی ژمارە ١١ لەم یانەیە لەبەر دەکات.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم یانەیە بە قسەکانی ژیلوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەلی یاریکردنی لەم یانەیە زۆرترە، هەروەها خولی ئەڵمانیا خولێکی بەهێزە دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و راهێنەری هەڵبژاردەی سویدیش پێی راگەیاندووە، کە دەبێت لە یانەیەکی ئەورووپی بەشێوەیەکی سەرەکی یاریی بکات تاکو شوێنی خۆی لە هەڵبژاردەی یەکەمی سوید بدۆزێتەوە.

جێگەی باسە هاندەرێکی زۆر لە کوردستان هەوڵی سەیرکردنی یارییەکانی ئەم یاریزانە بوون لە خولی سوید، بەڵام بەهۆی نەگواستنەوەی یارییەکانی ئەم وڵاتە لە بینینی ئاست بەرزیی ئەم یاریزانە بێبەش بوون، لەگەڵ چوونی بۆ خولی ئەڵمانیا هاندەرێکی زۆر بەپەرۆشەوە سەیری یارییەکانی یانەی هۆفنهایم دەکات بۆ سەیرکردنی ئاستی یاریزانە کوردەکە لەگەڵ ئەم یانەیەدا.










# چاڤی لە گیگز نزیک بووەتەوە

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە چاڤی هێرناندیز یاری دوای یاری نزیک دەبێتەوە لەتۆمارکردنی ژمارەیەکی مێژوویی، رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤی وەرزشی بەناوبانگی ئیسپانیا بڵاویکردەوە بەبەشداریکردنی لەیاریی پاڵەوانییەتی یانەکانی ئەورووپا بەرامبەر یانەی میلانی ئیتالی یاریزان و مایسترۆی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە چاڤی هێرناندیدز دەبێتە خاوەن پلەی سێیەم لەمێژووی بەشداریکردن لە پاڵەوانییەتی یانەکانی ئەورووپا هەروەها بەبەشداریکردنی لە پێنج یاریی داهاتوو دەبێتە دووەم یاریزان و بەتەنیا دەمێنێتەوە لەگەڵ رکابەرەکەی یاریزانی یانەی مان یونایتد رایان گیگز کە تا ئێستا بەردەوامە لەیاریکردن لەگەڵ یانەی شەیتانە سورەکان. هەروەها رۆژنامەی ناوبراو ئاشکرایکردوە کە لەئێستادا چاڤی پلەی سێیەمی گرتووە بەهاوبەشی لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگی ئیتالیا پاولۆ ماڵدینی کە هەریەکەیان بەشداریی ١٤٠ یاری ئەم پاڵەوانیەتییەیان کردووە و یاریزانی یانەی شاهانە راول گۆنزالیز لەپلەی دووەم دێت بەبەشداریکردن لە ١٤٤ یاری لەدوای رایان گیگزی یاریزانی مانچستەر یونایتد کە تائێستا بەردەوامە لەیاریکردن و ١٤٦ یاری لەم پاڵەوانییەتە ئەنجامداوە.

# ئەبیدال خەڵاتی فاکیتی ئیتاڵی پێ بەخشرا



یاریزانی یانەی مۆناکۆی فەرەنسی ئەریك ئەبیدال لەشاری میلانۆی ئیتالیا خەڵاتی فاکیتی پێ بەخشرا کەدەدرێتە ئەو یاریزانانەی خۆشەویستی و پابەندبوونیان هەیە لەناوەوە و دەرەوەی یاریگا، خەڵاتەکە لەلایەن رۆژنامەی لاجازیتا دیللۆ سپۆرتی وەرزشی ئیتالی پێشکەش بەیاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا کرا دوای ئەوەی نەشتەرگەریی شێرپەنجەی جگەری بۆ ئەنجام درا و دواتر توانی بەورە بەرزییەوە بگەڕێتەوە نێو یاریگاکان و درێژە بەکاروانی یاریکردنی بدات کە ئەوکات لەیانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بوو.

لەلایەن خۆیەوە لەکاتی مەراسیمی پێشکەشکردنی خەڵاتەکە ئەبیدال دووپاتی کردەوە کە شارەزاییەکەی و ئەزموونی وایلێکردووە بتوانێت بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکانی زاڵ بێت، جگە لەمەش پاڵپشتی کردنی خێزانەکەی، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەم ساتانەدا بەتەنیا کارێك بکات.

شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی یاریی تۆپی پێ و وەرزشکارانی ئیتالیا لەنێواندا سەرۆکی یانەی یۆڤانتس بەشداری ئەم ئاهەنگەبوون و خەڵاتەکەش لەلایەن یاریزانی ئەرژەنتینی خافییر زانیتی پێشکەش بەئەبیدال کرا کە لەکۆتاییەکانی ئەم هەفتەیەدا پشتگیری لەو هەڵمەتە دەربڕی کە لە دژی نەخۆشیی شێرپەنجە لەیاریگاکانی کالتشیۆ دەست پێکراوە.




## پیلێ رێز لە بڕیارەکەی کۆستا دەگرێت

ئەفسانەی تۆپی پێی بەڕازیلی و گەوهەری رەش پیلێ رایگەیاند رێز لە بڕیاری یاریزانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دیگۆ کۆستا دەگرێت سەبارەت بە هەڵبژاردنی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە جیاتی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی بەڕازیل کە هەڵبژاردەی دایکە، پیلێ لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی گوتی: من رێز لە بڕیار و خواستی کۆستا دەگرم، لەوانەیە هەندێك هۆکار هەبن وای لێکردبێت ئەم بڕیارە بدات و یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکات نەك هەڵبژاردەی بەڕازیل ئەم بڕیارەش بۆ خۆی دەگەڕێتەوە،لەوانەیە ململانێ لە هەڵبژاردەی بەڕازیل بۆ ئەوەی یاری بکات زۆر بەهێزتر لە یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا. یاریزان دیگۆ کۆستا بەرازیلییە و هەردوو رەگەزنامەی بەڕازیلی و ئیسپانی هەیە و بڕیاری دا یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکات، راهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڤیسینتی دیل پۆسکی رایگەیاند کەئاستی کۆستا پێوەر دەبێت بۆ بەشداریکردنی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە مۆندیالی بەڕازیلی ٢٠١٤ .

## ماڵپەری دیڤنسا سنترال: کاسیاس لە کانوونی دووەمی داهاتوو یانەی شاهانە جێ دێڵێت

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری وەرزشی دیڤنسا سنترالی نزیك بەیانەی شاهانە گۆڵپارێزی یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس لە مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو دەست بەرداری یانەکەی دەبێت و یاریگای سانتیاگۆ بیرنابیۆ جێ دێڵێت. بەپێی شیکردنەوەی ماڵپەری ناوبراو هۆکارەکانی رۆشتنی کاسیاس دوو هۆکاری سەرەکییە یەکەمیان گۆڵپاریز ئیکەر کاسیاس دەیەوێت لە کێبڕکێکانی مۆندیالی ٢٠١٤ ی بەڕازیل بەشدار بێت کەبڕیارە لە هاوینی داهاتوو بەڕێوەبچێت بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت زۆرترین یاریی ئەنجام بدات تا بڕواو متمانەی راهێنەری هەڵبژاردەکەی ڤیسینتی دیل بۆسکی بەدەست بهێنێت. سەبارەت بەهۆکاری دوەمیش بریتییە لەوەی کاسیاس هەست دەکات بەشێك لە هاندەرانی ریال نایانەوێت ئیکەر لە یانەی شاهانە ببینن بەهۆی مامەڵەکردنی راهێنەری پێشووی یانەی شاهانە جۆزی مۆرینهۆ لەگەڵ کاسیاسدا .

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لەیانەکان هیواو ئاوات دەخوازن گرێبەست لەگەڵ گۆڵپارێز ئیکەر کاسیاس واژوو بکەن بەتایبەت یانەکانی ئەرسناڵ و مان یونایتد و مان ستی و پاریس سان جێرمان و ئەی سی میلان و چەند یانەیەکی دیکە.



## پاڵەوانێتیی نیشانەشکێنی یـ

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی نیشانەشکێنی لە شارەکانی کوردستان وخزمەت کردنی زیاتری لاوان و تازە پێگەیشتووان بۆکچان و کوڕان، بەچاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان و بەسەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی نیشانەشکێنی کوردستان و بەبەشداری ٢٨ یاریزانی کوڕوکچ لە هەردوو ئاستی تازە پێگەیشتووان و لاوان لە شاری سلێمانی پاڵەوانیەتیەکە بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشدا کوڕان و کچانی یانەکان بۆماوەی دووڕۆژ ململانێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوە پاڵەوانێتییەکە، لەبارە پاڵەوانێتییەکەش کاروان عەبدولکەریم ئەمینداری دارایی یەکێتیی ناوەندیی نیشانە شکێنی کوردستان بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بۆ زیاتربەرەو پێش بردنی یارییەکە ئەم پاڵەوانێتییەمان ئەنجامدابوو لە هەردوو جۆری تفەنگ و دەمانچە بەبەشداریی ٢٨ یاریزانی یانەکانی هەریەك لە شارەکانی هەولێرو کەرکوك و سلێمانی ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر بەرز بوو ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوەبوو:

**تازە پێگەیشتووان- کوڕ- تفەنگ**

١-فەرمان ڕەزا کەریم- ئاشتی ٤٦٧خاڵ

**لاوان –کچ - دەمانچە**

١-ڕاز کامەران - ئاشتی ٣١٩خاڵ



### فرمێسک حاتەمی:

# سێ جار پلەی یەکەمم لە سەر ئاستی عێراق بەدەست هێناوە

***چۆن بوو یاریی تایکواندۆت هەڵبژارد؟**

- من هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای باشم بۆئەم یارییە هەبووە و بۆیە توانیم بە هیمەتی چەند ڕاهێنەرێکی خۆشەویست خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاریی تایکواندۆ لە شارەکانی کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

- ئاستی ئەم یارییە بە گشتی وەکو تایکواندۆ زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ماویەتی بڵێین کە زۆر باشە و پێشکەوتووە و جارێك ماویەتی کە بەتەواوەتی پێشکەوتنی سەدلەسەد بەخۆیەوە ببینێت.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە هەولێر لە چ ئاستێك دەبینیت، ئایا گرنگیی پێ دەدرێت؟**

- لە شاری هەولێر زۆر باشەو گرنگیی باشی پێ دراوە و خزمەت کراوە، بەتەواوەتی گرنگیی پێدراوە، بەڵام پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت ئەگەر بمانەوێ یاریزانی بەتوانا دروست بکەین پێویستیمان بە پشتگیری دەبێت.

***کێشەو گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- عەدالەت و یەکسانی لەم یارییە کە زۆر بەکەمی هەیە ئەوەش خۆی کێشەیەکە بۆ یارییەکە، نەبوونی یاریگای پێویست بۆئەم یارییەش کێشەیەکی ترە کە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەم یارییە، ئەگەر هۆڵی زەرد چاك بکرێت ئەوکات کێشەکانمان چارەسەر دەبێت.

***وەکو کچە یاریزانێك پێت باشە چی بکرێت،بۆئەوەی ئاستی تایکواندۆ پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت؟**

- دروست کردنی یاریزانانی تەمەنی ئاستە جیاوازەکان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەندین یاریزانی بەتوانا پێ بگەیەنرێت بۆداهاتووی کوردستان و دروست کردنی هۆڵی پێویست بۆ ئەم

دیمانە: کارزان کانەبی



## ـــانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو

**لاوان – کچ - تفەنگ**
١-بێریڤان جەبار- پێشمەرگەی سلێمانی - ٣٤٦خاڵ
**لاوان –کوڕان -تفەنگ**
١-ڕێباز عەلی – پێشمەرگەی سلێمانی -٤٤٢خاڵ
**لاوان –کوڕان - دەمانچە**
١-نەوا ڕێبوار- نەوڕۆز-٤٢٤خاڵ
**تازەپێگەیشتوان -کوڕان- دەمانچە**
١-شکۆ سەباح- پێشمەرگەی سلێمانی -٤٨٧خاڵ
**تازەپێگەیشتووان-کچ -تفەنگ**
١-ئاڤا عەتا-پێشمەرگەی سلێمانی -٣٥١خاڵ
**تازەپێگەیشتووان-کچ -دەمانچە**
١-ئایا عەتا-پێشمەرگەی سلێمانی -٣٠٧خاڵ

**حەز و خولیا ناتوانێت ڕێگە لە هیچ کەسێک بگرێت لە وەرزش کردن هەر بۆیە ڕۆژانە چەندین کەس ڕوو لە وەرزشە جۆراوجۆرەکان دەکەن، یاریی تایکواندۆش ئەو یارییەیە کە هاندەرێکی باشی لە دەوری خۆی کۆکردتەوە لە شاری هەولێر، لە ئێستاشدا لە پایتەخت ژمارەیەک کچە یاریزانی بەتوانا هەن ئارەزووی ئەوە دەکەن ببنە پێشەنگی ئەم یارییە لە سەرعێراق، یەک لەم یاریزانانەش فرمێسک حاتەمە یاریزانی تایکواندۆی قوتابخانەی هەولێرەوە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەولێرەو خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

یارییە ئەوەش کاریگەریی خۆی دەبێت.

*** وەکو یاریزانێك بەرنامەت چییە لەم یارییەدا ؟**

- بتوانم زیاتر گرنگی بە ئاستی خۆم بدەن وبتوانم بەردەوامم بم لە وەرزشکردن و خزمەت کردنی بەردەوامی یاریزانانی ئەم یارییە بە تایبەتی کچان.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزان ؟**

-لەسەر ئاستی عێراق سێ جار پلەی یەکەمم بەدەست هێناوە و پاڵەوانم لە کێشی خۆم، پێشتریش چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە.

*** بۆچی زۆر جار ئێوە بۆچی گلەیی دەکەن؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت نەبوونی هۆڵێکی تایبەت و پێداویستییەکان ئەوانە خۆی کێشەن پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار کە خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکەن، کچانیش پێشەنگ بن لە گرنگیدان.

***لەهەڵبژاردەی عێراق داواکرابوویت ؟**

-بەڵێ ماوەیەکە لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی تایکواندۆی عێراق بەردەوامم.

***خانەوادەکەتان ڕێگریت لێ ناکەن لە وەرزش کردن ؟**

- نەخێر تاکو ئێستا ئەوە کێشەیەم رووبەڕوو نەبۆتەوە بگرە زۆر هاوکارمن، سەرکەوتنەکانی من هۆکاری پشتگیری ئەوانە لە وەرزش کردنم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك لەم یارییە چییە؟**

- بتوانم بۆ داهاتووی خۆم ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنم و خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکەم و هیچ کێشەو گرفتێکم نییە لە وەرزش کردن بۆئەوەی بتوانم بەردەوام بم و هیوام بەدەست هێنانی ئەنجامێکی نێودەوڵەتییە.

***ئەم یارییە یارییەکی هەندێك بەکێشەیە بۆ تووشبوون بە هەندێك ڕووداوی نەخوازراو لەکاتی یاریی کردن ڕوودەدات هیچ جارێك تووشی کێشە بوویت؟**

- ڕاستە یارییەکی شەڕانگێزییە بەڵام تاکو ئێستا سوپاس بۆخوای گەورە تووشی هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو نەبوویمە لەم یارییە.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

- سوپاس بۆئێوە بۆخزمەت کردنی زیاتری ئەم یارییە و پشتگیری کردنی ئافرەتی وەرزشکار.

